

چیرۆکی وەرگەڕاو

# میوان

ن: تسو تسوی سوتاکا

و: حوسێن عەلی

دەنگێک لە ڕاڕەوەکەوە هات:

"ببوورن.. من میوانم".

بازێکم دا و بە پێوە وەستام و هاوارم کرد "ئای میوان!"

هاوسـەرەکەم کـوێرانە لە چێـشـتـخـانەکـە چووە دەرەوە و دەیگوت: "خـۆشـەویسـتـەکـەم میوانمان هەیە!" شپرزەیی هاوسەرەکەم گەیشتە رادەیەک یەکسەر بەرەو پایە وەستاوەکەی نزیک ڕاڕەوەکە رای کرد. کوڕە تـەمـەن پێنج سـاڵانەکەم هاواری کـرد "ئـەی لەم خـۆشـییـە! ئەوە مـیـوانە"... ئەویش بـە بەخـتـیـارییـەوە ڕووەوەو دەرگەکـەی پێـشـەوە بازێکی دا و لەو گەرمەیەدا خـۆی دا بە گڵـۆپی وزەکەدا. مـیـوانەکە پیاوێکی تەمەن نزیک پەنجا سـاڵ بوو و بزەیەکی خـۆشـەویسـتی بە ڕوویەوە دیار بوو. بە زۆر بردمـانە ژووری دانیـشـتن و هـاوارمـان کرد: "فەرموو، فەرموو.. بەخێرهاتی.

تکات لێ دەکەین وابزانە لە ماڵی خۆتدای".

- سوپاسـتان دەکەم، ئێوە زۆر ناسکن".

هەر کـە لەسـەر کـورسـیـیـەکـە دامـان نا یەکسـەر دەسـتـی کرد بە قـسـەکـردن و ئەوەش یاسـاییـە: "من وەک مـیوانێکتان لە سەرەتادا دەمەوێ داوای لێبووردنتـان لێ بکەم، چونکە بۆ ماوەیەکی زۆر پێوەندیم پێوە نەکردوون".

هەموو هاوارمان کرد: "هەرگیز نا، پێویستە ئێمە داوای لێبووردن لە تۆ بکەین".

لە قـسـەکـردندا بـەردەوام بوو: "چۆن دەتوانم پێـزانینی خـۆم لەو هەمـوو چاکـە و بەخـشـندەییـەی ئێـوە لەوەپێش لەگەڵ من کـردتان دەرببڕم ئەوپەڕی مـیـهرەبانیم ئاشکرا بکەم؟". و ڕێـم پێ بدەن پێش هـەمـوو کـەسـێک پیـرۆزبـاییـتـان لێ بکەم و ئەوپەڕی سـۆزی خۆمتان بۆ دەرببڕم.

هـاوسەرەکەم بەخەندەیەکەوە گوتی: "ئێمە زۆر دڵخـۆش بووین کە توانیت بێیت". و بەرەو یەخـچاڵەکە ڕۆیشت و هەرچییـەکی تێدا بوو هێنای بۆ ئەوەی بتوانێت بەکاری میوانداری شیاو بەرامبەر میوانەکە هەڵسێ.

مـیوانەکە لەبەرخۆیەوە قسـەی نادیاری دەکرد: "ئەی خـواوەند، ئەم گوڵدانە چەند جـوانە، لەلای مێزەکەی دەستی و بە سەرسـوڕمانەوە لێی راما و لەسـەری ڕۆیشت: "دەبێ ملیۆنەها "یەن" نرخی بێت" هاوبەشی خەندەکەیم کرد گوتم: "نە، دەیان یەن دێنێ".

گوڵدانەکە لە دەست میوانەکە ترازا و لەسەر زەوییەکە ورد و خاش و پارچە پارچە بوو.

خەندەیەکی کرد گوتی: "وای شکاندم. بەڵام بێ گومان بیمەت لەسەر داناوە!".

خەندەم نەوەستا کەوتمە سەر زەوی و دەستم کرد بە تلدان.

هەوڵم دا بێمەوە سەرخۆ و خۆم رابگرم گوتم: "نە هیچ بیمەیەک نییە".

میوانەکە هاواری کرد: "بەڵام بۆچی؟ گوڵدانێکی ئێجگار نایابە، رێ بدەن پێوەندیی بکەم بە بریکاری بیمەوە". بەرەو لای تەلەفۆنەکە رۆیشت، و لێرە و لەوێ خۆی بەشتەکاندا دەکێشا.

کوڕەکەم دەستی بە راکردن کرد و دوای میوانەکە کەوت و بە خۆشییەکی زۆر و شادومانییەوە دەستی بگەیشتایە هەرشتێک دەیشکاند

هاوسەرەکەم بە گریانەوە هاواری کرد: «تەلەفۆنەکە هیوای هیچ کەڵکێکی لێ ناکرێ. کار ناکات کەس لە کۆمپانیای بیمەوە نایەت، وا راهاتوون لە رێی تەلەفۆنەوە هەموو کارەکانیان ئەنجام بدەن».

میوانەکە لەلای خۆیەوە دەستی بە گریان کرد «ئای.. لەم جیهانە ساردەی تێیدا دەژین». بە خێرایی هەموومان دەستمان کرد بە قوڵپی گریان بێ ئەوەی بتوانین دەست بەسەر خۆماندا بگرین. میوانەکە نزیکەی کاتژمێرێکی لەگەڵ ئێمە بەسەر برد. بێ گومان بەسەردانەکەی دڵخۆش بووین.

میوانێکی نایاب بوو. لە راستیدا. کاتێکماڵەکەی جێ هێشت سەد هەزار "یەن"م پێ دا.

هەموومان لە دەرکەی پێشەوە چووینە دەرەوە بۆ ئەوەی ماڵئاوایی لە میوانەکە بکەین. زۆر بە ئاسانی لە پێش هەیوانەکەوە دەرچوو و لە چاو ون بوو. دەرگەی هەموو ژوورەکانی سەرتارمەکەم داخست. کەمترین بۆچوونم دەربارەی ئەو کەسانەی تێیدا دەژین نەبوو.

سەرچاوە: کتێبی "الشاعر النمر، هیام عبدالحمید" کردوویەتی بە عەرەبی.

**تسوتسوی سوتاکا**

یەکێکە لە بەناوبانگترین نووسەرانی خەیاڵی زانستی لە ژاپۆندا. لە ساڵی ١٩٣٤ لە دایک بووە و لە ٥٠ کتێب زیاتری هەیە. و لە ساڵی ١٩٨١ خەڵاتی "ئیزۆمی کیوکای" رێزلێنانی لەسەر چیرۆکی "کیۆجین تاشی" وەرگرت. دوای ئەوەی پلەی زانستی لە نەخشەدانانی ئەندازیاری و هونەری لە زانکۆی "دۆتشیشا" ی وەدەستهێنا ستۆدیۆی نەخشەدانانی بازرگانی بۆ داهێنان دامەزراند.